# واعیزەکانی پەروەردە

ئالان قەرەداغی

٢٠٢٤

ناوی کتێب: واعیزەکانی پەروەردە

بابەت: ڕەخنە

نوسەر: ئالان قەرەداغی

ساڵی بڵاوکردنەوە: 2024

ئینگلیزەکان دەڵێن

هەڵەی دکتۆرەکان دەکەوێتە ژێر زەوی

هەڵەی ئەندازیارەکان دەکەوێتە سەر زەوی

هەڵەی مامۆستا لەسەر زەوی دەڕوات.

# پێشەکی بەناوی خوای گەورە

لەزۆر شوێن و زۆر پێگە نادادی و زوڵم و ستەم هەیە، لە زۆر شوێنیش ئەگونجێ خۆمان هۆکاربین، وەلێ ئێمە نامانەوێ دانی پیا بنێین کە خۆمان هەڵەین، هەموو خەتاکە ئەخەینە پاڵ کەسێك یا دەستەیەکی تر و مەسولیات لە خۆمان دورەخەینەوە، وەك ژمارە کەمن ئەو کەسانەی کە جورئەتی ئەوەیان هەیە لۆمەی خۆیان بکەن و ڕەخنە لە خۆیان بگرن، وەلێ زۆرینە ئەوانەن کە هەمووکات خۆیان مەزڵوم پیشان ئەدەن.

لەم کتێبەدا ئەمانەوێ بە ویژدانەوە هەندێ حەقیقەت باس بکەین و لۆمەی خۆمان بکەین لەو خراپیەی کە هەیە، لۆمەی خۆمان بکەین وەك مامۆستا کە نەمانتوانی حەقی خۆی بدەین بە پیشەکەمان.

من بیرمبێت مامۆستا (هەمووی نا)، شانازی بە ناوەکەیەوە ئەکات، هەمووکات خۆی وەك

ستەملێکراو پیشان دەدات، هیچ کات شکستی خوێندکارێکی ناخاتە ئەستۆی خۆی، لە هەمان کاتدا خۆی هەڵەواسێ بە توانای خوێندکارێکی زیرەکدا و شانازی پێوە ئەکات.

لێرە ئەمانەوێ دەربارەی حەقیقەتێك قسە بکەین کە ڕەنگە هەزمکردنی قورس بێت چونکە لەوانەیە وا لێکبدرێتەوە کە ئەم قسەکردنە لێدانە لە پیرۆزی یا کەسایەتی مامۆستا، بەڵام وا نییە، ئەم باسانە باسکردنی سیستەمێکی هەڵەیە کە بەسەرمانا سەپێنراوە، مامۆستاش هۆکارە بۆ بەردەوامی ئەو سیستەمە، قسەکردنی ئێمە لەسەر سیستەمەکە و ئەو مامۆستایانەن کە پشتگیری ئەو سیستەمە دەکەن و خۆیان پیا هەڵەواسن.

**نوکی قەڵەمێك لە دڵی مـامۆســـتـایەکی یـاخی و خوێندکارێکی ڕیزی دواوە.**

خوێندکارانی ڕیزی دواوە بەوە ناسـراون کە ئاگایان لە دەرس نییە و ئەهلی فیشـــقیات و دەمەتەقێ و هەندێ جاریش بە ئاژاوەگێڕ ئەناسـرێن، باشــە بۆ خوێنـدکـار ئەچێتە ڕیزی دواوە؟ کێ وای لێکردووە حەزی بە دەرس نەبێ و خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ دەمەتەقێ؟ بۆ هیوایەتیەتی زوو جەرەس لێـدا و بڕواتەوە بۆ ماڵەوە؟ وەڵامی من ئەمەیە (مامۆسـتا) تەبعەن هەمووی نا.

چەند ســـاڵێکە خۆم مامۆســـتام، بەڵام یاخیم لەو ســیســتەم و شــێوازی پەروەردە و فێرکردنەی کە ئێسـتا هەیە، بۆیە بەو هەسـتەوە ئەنوسـم کە لە پۆلی چوار و پێنجی سەرەتایی بووم، بەو هەستەوە ئەنوسـم کە مامۆسـتا هەمووکات هانی ئەداین بۆ دەرەجە و هەڕەشـــەی لێ ئەکردین بە دەرەجە،

کەمتر گرنگیان بە فێربوون و تێگەشتن و لایەنی دەروونی ئەدا.

لێرە بەدواوە باسی کێشەکانی پەروەردە دەکەین ئەم پەروەردەی کە بۆتە بنێشتەخۆشەی سەر دەمی مامۆستاکان و ئەڵێن پەروەردە و فێرکردن کە نە پەروەردەیە نە فێرکدنە، بەڵکو قەدەغە کردن و دەرەجە موقەدەس کردنە، بە بەش بەش بابەتەکانم باسکردووە واتە بابەتەکان زنجیرەیی نین، بەڵکو وەك کۆمەڵە بابەت وایە.

بێسە پێش ئەوەی بیخوێنیتەوە با هەنێ شت باسکەین نەکا دواتر بڵێی ئەم نوسینانە سوکایەتییە بە مامۆستا یا پیشەی مامۆستا.

چەندین هاوڕێم هەن مامۆستان، زۆرینەشیان لە فکرا دژی یەکین، بەڵام هاوڕێین، نوسینەکان باسکردنی فکر و سیستەمی پەروەردەیە ئەوەی کە سەپێنراوە، نەك قسەکردن لەسەر کەسایەتی، هیوادارم هیچ مامۆستایەك نوسینەکان دژی خۆی

لێکنەداتەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوەی باســـم کردووە لە خۆیا هەبوو، تێبگات کە نوسینەکان دژی فکری ئەوە نەك خودی خۆی.

پێش خوێندنەوە پێویســتە پیشــە جیابکەینەوە لەو کەسەی پێشەکە جێبەجێ دەکات.

ئەکرێ هەندێ پیشـــە موقەدەس بێت، بەڵام ئەو کەســەی پیشــەکە جێبەجێ دەکات موقەدەس نییە، لەکۆتایدا ئەزانی بۆ.

مامۆستایەتی پیرۆزە، بەڵام مامۆستا پیرۆز نییە

مەلایەتی موقەدەسە، بەڵام مەلا موقەدەس نییە.

دکتۆری موقەدەسە، بەڵام دکتۆر موقەدەس نییە.

کرێکاری موقەدەسە، بەڵام کرێکار موقەدەس نییە.

خوێندن موقەدەســـە، بەڵام خوێندکار موقەدەس نییە.

لەچك و حیجاب موقەدەســـن، بەڵام کچێکی لەچك بەسەر موقەدەس نییە.

حەجکردن پیرۆزە، بەڵام حاجی پیرۆز نییە.

زانین پیرۆزە، بەڵام زانا پیرۆز نییە.

ئەزانن بۆ؟! چونکە

مامۆستا هەیە هیچ تایبەتمەندییەکی مامۆستایەتی تیا نییە، نە لە پەروەردە ئەزانێ نە فێرکردن، بەڵام بە ناچاری دایانناوە دەرس بڵێتەوە، بەو دەرسوتنەوە پیشـــەی مـامۆســـتـایەتی بەکـارەهێنێ بۆ شوێنکردنەوەی خۆی لە کۆمەڵگا.

مەلا هەیە قۆڵبڕ و فێڵبـازە، پیشـــەی مەلایەتی بەکارهێناوە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵك.

دکتۆر هەیە، پیشەی دکتۆری بەکارهێناوە بۆ کاری خراپە و گیرفان پڕکردن.

کرێکار هەیە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵك پیشەی کرێکاری بەکارهێناوە.

خوێندکار هەیە، پیشـــەی خوێندنی بەکارهێناوە بۆ گەشتن بە ویستە نارەواکانی.

کچی حیجاب و لەچك بەســـــەر هەن، عەیبەکانی خۆیان بە لەچکەکانیان دائەپۆشن.

حــاجی هەیە لە بــازاڕ و کــاردا قۆڵبڕە، بەنــاوی حاجیەوە ئەیکات.

زانـا هەیە، زانســـــتەکەی بۆ بەرژەوەنـدی خۆی و زەرەر دان لە خەڵکی تر بەکارەهێنێ.

لەبەر ئەو هۆکارانەیە، پیشـــــەکان خۆیان پیرۆزن، بەڵام ئەو کەسانەی هەڵگری پیشـەکانن ئەگونجێ کەسانێکی باش بن، ئەشگونجێ کەسانێکی فێڵباز و خراپ بن و بە بەکارهێنانی پیشەکان خۆیان وەك پیرۆز پیشان بدەن بۆ گەشتن بە مەرامی خۆیان.

بەش بەش بیخوێنەوە بزانە چ درۆ بۆ خوێنـدکـار کراوە.

ئەمانەی بەش بەش باسـی ئەکەم بەشـێکە لە کێشـەکانی مامۆسـتا کە چەند سـاڵە بەناوی پەروەردە و فێرکردنەوە توانـای خوێنـدکاری پێ کوشتووە.

**جیاوازی واعیز و مامۆستا**

واعیز ئەو کەسـانەن کە هەمووکات کاریان وەعز و ئامۆژگاری خەڵکە، و هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە سەروو خۆیان لێیان ڕازی بن.

مـامۆسـتـا کەسـێکە پەروەردەکـاربێـت، نەك قەدەغەکار، فێرکاربێت نەك تەنها گواسـتنەوەی مەنهەجێك لە پەروەردەوە بۆ خوێندکار.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێ دەسـتەواژە بەکارهێنراوە بە مەبەسـت، بۆ تێگەشـتن لە دەسـتەواژەکان ئەمە ڕونکردنەوەکەیەتی.

مامۆسـتا: مامۆسـتای ڕاسـتەقینە، ئەو کەسـەی پەروەردەکارە و خوێنـدکـار پێـدەگەیەنێت، هەڵەی

خۆی دەبینێت و لە شکستی خوێندکارەکەی لۆمەی خۆی دەکات، خۆی مەزڵوم پیشان نادات و بەردەوام خەریکی گلەیی بێت، بە کورت و پوختی مامۆستایە بە هەموو واتایەك.

واعیزەکانی پەروەردە: ئەو بەناو مامۆستا و کارمەندانەن کە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە سەروو خۆیان لێیان ڕازی بن و وەك دێوەزمەش خۆیان پیشانی خوار خۆیان ئەدەن تا سڵیان لێ بکەنەوە و لێیان بترسن.

سوڵتانەکان: سوڵتانەکان ئەو کەسانەن کە لەسەروو واعیزەکانن، و واعیزەکان هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕازیکردن و ستایشکردنی ئەمانە، سوڵتانەکان لێرە زۆرجار لەبری ناوی موشریف و مودیر و مودیر پەروەردە بەکارهێنراون، چونکە ئەوانە سوڵتانن بۆ ئەو مامۆستایانەی کە واعیزن.

## واعیزێکی دەم بە گلەیی

"مامۆســـــتا لە یابان بەقەدەر وەزیرێك مەعاشـــــی هەیە"

ئەمە قســـــەی زۆرێك لە واعیزەکانی پەروەردەیە، واعیزەکان هەر باس ببێتە باســـــی مامۆســـــتا و مەعاش و گوزەران ئەم قسە فڕێ ئەدەن، مامۆستا لە یابان بەقەدەر وەزیرێك مەعاشـــــی هەیە، لێرە واعیزەکە زۆر خۆی مەزڵوم پیشـــان دەدات، وا خۆی پیشـــان دەدات کە وەك مامۆســـتایەکی یابانی وایە بەس مـافی کەمتر پێـدراوە، بەڵام بـا لێرەدا بە ویژدانەوە بڕیار بدەین، بزانین ئەم واعیزانەی ئێرە حەقی ئەوەیان هەیە وەك یابان مەعاشاین بدرێتێ؟

من بەو واعیزانە ئەڵێم مـامۆســـــتـایەك لە یـابـان پۆلێکی پێگەیـانـدووە کە یـابـانی دروســـــتکردووە، جیلێکی دروســـــتکردووە کە لە یاری وڵاتەکاین لە یـــاریـگـــای تـیـپـی بەرامـبەر ســـــەرەڕای ئەوەی تیپەکەشـــــیان دۆڕاوە کەچی هاندەرەکان یاریگاکە

پاك دەكەنەوە، بەڵام لێرە تۆ كێت پێگەیاندووە؟!
سەیری یاریگاكانی كوردستان بكە دوای تیپی خاوەن یاریگا ئەدۆڕێت و گوێ بۆ جنێوەكان بگرە! ئەوانە هەموویان تەلەبەی مامۆستان تەلەبەی تۆن كە داوا ئەكەیت مەعاشەكەت وەك مامۆستایەكی یابان وابێت.

مامۆستای یابان پۆلێكی دروستكردووە و وڵاتێكی دروستكردووە كە پێی ئەوترێت هەسارەی یابان، لە هەموو ڕوویەكەوە داهێنەر و تێگەیشتوو، ئەی تۆ لێرە كێت پێگەیاندووە غەیری شەرحكردنی مەنهەجێكی كرچ و كاڵ؟!

ئەزانن جیاوازی مامۆستای یابان و واعیزێكی خۆمان چییە؟

لە یابان مامۆستا بە خوێندكارەكانی دەڵێت "سەركەوتنی تۆ سەركەوتنی یابانە"، بەڵام لێرە واعیزەكان پێیان ئەوتین "تۆ دەرچیت و دەرنەچیت من مەعاشی خۆم هەر وەرەگرم"، سەیركەن لە

یـابـان چۆن خوێنـدکـار هـان دەدەن چۆن تموحی سـەرکەوتن و داهێنانیان تیا دروسـت دەکەن چۆن باوەڕبەخۆبونیان بۆ دروسـت دەکەن سـەرکەوتنی وڵاتەکە ئەبەسـتەنەوە بە سـەرکەوتـنـی خوێنـدکـارێکەوە، لێرەش جگە لەوەی کە واعیز خوێنـدکـاری هـان نەدەدا، بەڵکو ئەیڕوخـانی بێ منەتی ئەکردی کە ئەیوت دەرچی و دەرنەچی هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێ، تەبعەن ئەم قسەیە لە مێشکی خوێندکارا ئەچەسـپێ و ئەبێ بە باوەڕ لەلای کە بوونی ئەو هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ نەبوونی.

ئەمە جیاوازیەکی مامۆستای یابان و واعیزێکی لای خۆمان بوو.

## دوای چەندین ساڵ وەڵامی ئەم قسەم بینیەوە

هەر لە منداڵیەوە واعیزەکان ئەم قسەیان ئەکرد بە مێشـکامانا (تۆ دەرچیت و دەرنەچیت من مەعاشـی خۆم هەر وەرەگرم) جگە لە لێدان و سـوکایەتی و تەعزیبی دەروونی ڕاوەسـتان لەسـەر یەك قاچ تا

کۆتـــایـی وانەکە، ئەمە ئەخلاقی بەشـــــێـــك لە واعیزەکان بوو.

دوای چەندین ســــاڵ خۆم بوومەوە مامۆســــتا، لە چەندین چالاکی پەروەردە و فێربوون بەشدارەبووم، لە نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان بەشداربووم، لە خۆپیشاندانەکان چەند جارێك وەلامی ئەو قسەم بیســــتەوە کە بە مناڵی مامۆســــتا واعیزەکان پێیان ئەوتین ئێوە دەرچن و دەرنەچن من مەعاشـی خۆم هەر وەرەگرم، بەڵێ لە خۆپیشـاندانەکان و لەسـەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان قەدەر ئەو ڕۆژەی پیشانی بەشێك لەو کۆنە واعیزانە دایەوە کە **250** دیناریان بەرز ئەکردەوە و بە گریـــانەوە ئەیـــانوت تەنهـــا ئەوەمان پارە پێیە.

**واعیزەکانی لای خۆمان لەبەر بێ دەسەلاتی خۆیان بەناوی مراقیبی سرِیەوە جاسوسیان پێگەیاند.**

کە مناڵ بووین زۆر دڵمان بەوە خۆشـــبوو کە واعیز ئەرکێکمـــان بـــاتێ، بەوە وامـــان ئەزانی کە لە

هاوڕێکانمان باشترین بۆیە مامۆستا ئەو ئەرکەمان ئەداتێ، نەمان ئەزانی واعیزەکە لە نەزانین و بێ دەسەڵاتی خۆی فێری جاسوسی و سیخوڕیمان ئەکات.

کە مناڵ بووین دەنگۆ لە پۆلەکەیا بلاو ئەبۆوە کە مراقیبی سڕی دانراوە، کەس نەیەزانی کێیە مراقیبە سڕیەکە، بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە واعیزێك خوێندکارێکی بە نهێنی کردووە بە جاسوس بەسەر هاوڕێکانیەوە و پێی وتووە چی ڕوویدا بۆم باس بکە.

خوێندکارەکەش بۆ ئافەرینێك و دەرەجەیەکی واعیزەکە ئامادەبوو جاسوسی بەسەر هاوڕێکانیەوە بکات، بۆ ئافەرینێکی واعیز ئامادەبوو هاوڕێکەی بفرۆشێت، هەر ئەم منالّەیە کە گەورە دەبێت و دەبێتە خاوەن پۆست و پلە و پایە ئامادەیە جاسوسی بەسەر شار و ولاتی خۆیەوە بکات بۆ ئافەرینێکی سەروو خۆی.

بەڵێ لە مناڵیەوە مامۆســـتایەکی نەزان کە پێیان ئەڵێین واعیز وا فێریکردبووین کە جاســـوســـی بکەین.

**واعیزەکان ئینسان بە بڕوانامە هەڵەسەنگێنن.**

لای زۆرێك لە واعیزەکان ئینســـانیەت بوونی نییە هەموو پێوەرەکەیـــان بوونی بڕوانـــامەیە، ئەوەی بڕوانامەی نەبێ لای ئەوان ئینسان نییە.

یەکەم ســـاڵم بوو بووم بە مامۆســـتا لە گوندێکی دوور، لەگەڵ برادەرێکمـا ئەویش وەك من یەکەم ساڵی بوو، بەیەکەوە موباشەرە و شتەکانمان بۆکرا و دانراین، ڕۆژێـك بۆ ئیشـــێـك ئەبوو بچین بۆ پەروەردەی شـــارۆچکەکە، ئەو برادەرەم ســـەیارەی هەبوو، بەیانی سەیارەی داگیرسان و بەڕێکەوتین، لە نـاحیەیەك پێش شـــــارۆچکەکە، زرتە زەلامێك دەســـــی لێ ڕاگرتین، چـاکەت و پـانتۆڵ و ڕیبـات لەبەرێك بوو، مورەتەب خۆی گۆڕی بوو، جانتایەکی دبلۆمـاســـی پێبوو، زۆر موهیم دەرەکەوت، دواى کە

کەوتە قسەکردن زانیم چ بەشەرێکە، کە دەسی ڕاگرت، و نزیك بووینەوە، وەستاین و من لەپێشەوە دانیشتووبم، وەك ڕێز و ئەدەب، وتم تۆ وەرە پێشەوە، خۆم چوومە دواوە، پیاو ڕاست بڵێ جارێك وتی نابێت، بەس وەلحاڵ هاتە پێشەوە و بەرێکەوتین تا گەشتینە شارۆچکەکە و لە بەردەم بینای پەروەردە سەیارەکەمان وەستاند و دابەزیتین، وتی ئێوەش ئیشی تەربێتان هەیە؟ وتمان ئەرەوەڵا، جا ئێمە چونکە قەو و قیافەمان زۆر نەبوو، چکۆلە دەرەکەوتین، وەیزانی تەلەبەین، وتی ئیشتان چییە، وتمان مامۆستاین، کە وتمان مامۆستاین ئەم کابرا ئەوەنە عوزری هێناوەتەوە و خەجاڵەتم و ئا لەم قسانە، ئەیوت نەمزانی مامۆستان وەمزانی تەلەبەن بۆ چویتەتە دواوە.

جا تۆ سەیری عەقڵێتی ئەم زرتە زەلامە کە ئیتر بەحساب ئەمە مامۆستایە و نوخبەی کۆمەڵگایە، واتە زۆر لای ئاسایی بوو کە من ئەگەر تەلەبە بم

شـــوێنی بۆ چۆڵ بکەم و بچمە دواوە، بەڵام ئەگەر مامۆستابم نابێ شوێنی بۆ چۆڵ بکەم.

دەی توخوا ناحەقمە بڵێم هەندێ مامۆستا و دکتۆر و موهەندیس و خاوەن شـــەهادە هەن، خوێنەوارن بەس ئینســـــان نین، بە هەموو عەقڵێکتەوە بێی ئینسان بچوك بکەیتەوە لە بڕوانامەیا.

جارێکی تر لە جێیەك ئیشـــم ئەکرد، کاتب و کاری کۆمپیتەرم ئەکرد، هەفتانە وەجبە وەجبە موشتەری ئەهـات و لای ئێمە کـاروبـارەکـانی بەڕێ ئەکرد، سەرۆك ئیشەکەم واعیزێك بوو، لای ئەوان ئینسان یەکسان بوو بە شەهادە.

یەکێـك لە هەفتەکـانی ئەو مـانگە وەجبەیەك فـێرخـوازمـان وەرگـرت، یەکـێ لە فـێرخـوازەکـان کـوڕێکـی زۆر بـاش و لـێهـاتـوو بـوو، لەوانـی تـر شارەزاتر بوو، بەڵام بێ بڕوانامە بوو، یارمەتی زۆر لە فـێرخـوازەکـانـی تـری ئەدا، بەڵام ســـەرۆك ئیشەکەم هەر زۆر بە سادەیی سەیری ئەکرد، هەر

لەو وەجبە فێرخوێزێکمــان دکتۆر بوو، عەیــادەی هەبوو، بەڵام کابرایەکی بێ ماریفەت مڕومۆچ کە ئەهات بە زۆر ســەلامی ئەکرد، قســە فڕێدەر، تاکە شــتێك هەیبوو ئەو کاغەزە قۆڕەبوو کە پێی ئەڵێن بڕوانــامە، بەڵام چونکە ئەمەی هەبوو واعیزەکــان وەك مزراح بە دەوروخولیا ئەهاتن، ئیشــەکەی کاك دکتۆر تەواو بکە، ئیشـــــەکەی کـاك دکتۆر بوو بە چی، کــاك دکتۆر لێرەوە فەرموو، کــاك دکتۆر .... کاك دکتۆر.

واعیزەکـان بە جۆرێـك بە دەوروخولی کـاك دکتۆرا ئەهــاتـن و ئەچوون وەك بڵێی کــاك دکـتۆر لە ئاســـمانەوە کەوتۆتە خوارەوە، لەکاتێکا کاك دکتۆر بڕوانامەکەی لێ بکەیتەوە هیچ نامێنێتەوە.

زۆرێـك لە واعیزەکـان ئەو ئەخلاقەیـان هەیە، کە ئینسان بەس بە بوونـی بڕوانامەوە دەبینن.

**دەربارەی ترێندە تازەکەی خوێندکاران**

لەکاتی نوســـینی ئەم کتێبەدا بووم، ترێندێك لە ســۆشــیال میدیا بڵاوبۆوە، کە ترێندەکە دەربڕینی خۆشــەویســتی و ســوپاس بوو بۆ مامۆســتا لەلاین خوێندکارانەوە، ترێندەکە بەم جۆرە بوو (ڕۆژێك کە مامۆستا دێتە پۆل وەك ڕۆژانی ئاسایی دەرسەکەی شــەرحەکات، یەکێ لە خوێندکارەکان بە مامۆســتا ئەڵێ لە دەرس تێنــاگەم و ئەچمە دەرەوە، بەمە هەستێکی ناخۆش لای مامۆستا دروستەکات، دواتر خوێندکارەکە دێتەوە پۆل و لەگەڵ خوێندکارەکانی تر نەســـتەلە و پســـکیـت و چکلێـت ئەدەن بە مامۆستاکە).

ئەم کرانەوە و دەربڕینە جوانە لە جیلی ئێســـتـا دروســـتبووە، جوانترین و باشـــترین ڕێز و پێزانینە بەرامبەر مامۆستا، بەداخەوە لەم بابەتەشدا دیسان کۆمەڵێ واعیز ئاســـا دژی دەوەســـتنەوە، وەك بڵێی ئەو واعیزانە بەس دڵیـان بە لێـدان و تەعزیبـدان ئەکرێتەوە هیچکـات لەگەڵ دروســـتکردنی پردی

تەبای و ڕێزی ڕاســتەقینە نین، ئەیانەوێ خوێندکار لەترسا ڕێزیان لێ بگرێت.

وەك مامۆستایەك دەڵێم ئەو دەسپێشخەرییە جوانە کە جیلی ئێســـتا و خوێندکار عەقڵی پیا شــــکاوە، ئەبوو مامۆســتا بیکردایە، مامۆســتا ئەبوو لانیکەم هەفتەی جارێك بە نوقڵ و چکلێت و پســــکیتەوە بچوایەتە پۆل، نەك دار و سۆندە، بەڵام دیارە جیلی ئێستا باشتر لە کرانەوە تێگەشتوون و عاقڵتربوون، بە چکلێت و نەستەلە و ڕێز وەڵامی شـەق و زلە و داری واعیزەکانیان دایەوە.

**ئێســـتا دار و لێدان نەماوە بۆیە خوێندکار ئاســـتی دابەزیوە.**

ئەمەی ســەرەوە قســەی زۆرێك لە واعیزەکانە، کە باس دێتە سەر باسی خوێندن و زانست، یەکسەر ئەو قســە فڕێ ئەدەن و ئەڵێن ئێســتا لێدان نەماوە بۆیە خوێندکار ئاستی دابەزیوە.

من نازانم واعیز و ئەو مامۆستایانەی کە شانازی بە لێدان و دار و سۆندەوە ئەکەن باسی کام ئاستی زانستی ئەکەن؟! زۆرێك لەو واعیزانەی کە باوەڕیان بە لێدان و تەعزیبی سالآنی زوو هەیە و پەروەردەی ئەو سەردەمەن ئێستا تەنانەت نازانن پرسیاری تاقیکردنەوەکانی خۆشیان بنوسن، جیلی ئێستا بۆیان ئەنوسن! نازانم لێدان و دارەکەی سەردەمی زوو چی و کێی بەرهەمهێناوە؟! شانازی بە کام زانستەوە دەکەن لەکاتێکدا پێشکەوتن و زیرەکی جیلی ئێستا نەبێ بەشێك لە واعیزەکانی زوو بێ ئیش دەبن، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی زانستەکانی سەردەمەوە زۆر دواکەوتون بەچاو جیلی ئێستا.

زۆرێك لەوانەی کە جیلی ئێستان و نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری واعیزەکان و بەعەقڵێتی خۆیان ئەخوێنن زۆرینەی ڤلۆگەرەکان و گەنجە تێگەشتووەکانی سۆشیال میدیاکان ئەوانەن کە لە دەرەوەی ولآت قبوڵی خوێندنیان بۆ دێتەوە و

سکۆلەرشیپی خۆڕایی و ئۆفەری خوێندنیان بۆ دێت بەهۆی زیرەکی و بەرزی ئاستیان لە زانستەکانی سەردەم، ئەمانە لای واعیزەکان ئاستیان دابەزیوە! بەجددی سەیرە لام، تا واعیزێك ئەبینیت وڵاتێکی گەورە ئۆفەری خوێندنی بداتێ، دەیان گەنجی جیلی ئێستا ئۆفەری ئەدرێتێ، تا واعیزێك ئەبینیت داهێنانێك بکات، دەیان گەنجی ئێستا داهێنان دەکات، بەو حاڵەشەوە، واعیزەکان هەر دەڵێن جیلی ئێستا ئاستیان دابەزیوە، چونکە لێدان لە مەکتەبکاندا نەماوە.

**ئەو واعیزانەی کە بەردەوام دەم بە گلەین لە جیلی ئێستا و سۆشیال میدیاکان**

بەشێك لە واعیزەکان ئەڵێی نەخۆشیان بە جیلی ئێستا و سۆشیال میدیاوە هەیە، بەردەوام لە هەموو شتێکدا لۆمەی جیلی ئێستا ئەکەن بە لادەر ناویان دەبەن، دوای ئەوانیش بەردەوام کێشەیان لەگەڵ زانستی سەردەم و پێشکەوتن هەیە،

زۆرینەیان دژی موبایل و ئینتەرنێت و سـۆشـیال میدیاکانن، بە بیانوی ئەوەی ئەوەی کە لە سۆشیال میـدیـا ڕوودەدات خراپەکـاریـا لەکـاتێکـا ئەمـان بە ناڕاستەوخۆ بەشێکن لەو خراپیە ئەگەر هەبێت.

لەگەڵ پەیابوونی هەر سـۆشـیال میدیایەکی تازە یەکسـەر واعیزێك قوت ئەبێتەوە و دژایەتی ئەکا و بە خەڵك ئەڵێ بەکاری مەهێنن ئەمە فەسـادی تیا بڵاوبەێتەوە و خراپە، بەم وەعز پێدان و نەسیحەتە هەڵەیە ئەو سـۆشـیال میدیا تازە لەپێشـچاو خەڵکە باشـەکە ئەخا و داوا لە گوێگرانی ئەکا کە بەکاری نەهێنن، پاش چەند ساڵێك کە ئەم واعیزە سۆشیال میدیاکەی لە خەڵکە باشـەکە گرتۆتەوە، سـۆشـیال میدیاکە بە خەڵکی لادەر پڕئەبێتەوە، خەڵکێك کە بەس بۆ کات کوشـتن و بابەتی تەرفیهی ئەچنە نـاوی، ئەم خەڵکە لە گۆرانیبێژ و نوکتەبـاز و لایـڤـچی کۆئەبنەوە و هەوادارێکی بـاش پەیـا ئەکەن.

ئینجا واعیزەکە دێتەوە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و گلەی ئەوە دەکات بۆ لەو سۆشیال میدیایانە گۆرانیەکی بێ سود و لایڤێکی بێ سود بینەری زیاترە وەك لە محازەرەیەکی زانستی؟!

وەڵامی پرسیارەکە ڕوونە، واعیزەکە لە سەرەتای دروستبوونی سۆشیال میدیاکەوە دژایەتی کردووە، خۆی بە نەزانانی ڕێی لە خەڵکە باشەکە و گوێگرەکانی گرتووە کە بچنە ناوی، بێگومان لەناو ئەو سۆشیال میدیا گوێگری تۆ و محازەرەکانی تۆی تیا نییە، کەواتە چۆن گلەی ئەکەی کە لەوێ کەس گوێت بۆ ناگرێ؟!

بۆیە هەمووکاتێ هەر سۆشیال میدیایەك کە بە خراپە باسی دەکەن و وا وێنای دەکەن کە فەسادی و خراپەکاری تیایە، هۆکاری سەرەکی بوونی خراپەکاری لە سۆشیال میدیاکە نەبوونی کەسانی باشە لەوێ، بێگومان کەسانی باشیش بە قسەی

واعیزی نەزان خۆیان لێ بەدورگرتووە، هەرچەندە سوپاس بۆ خوا ئێستا بەشێك لە بانگخوازەکان و کەسە تێگەیشتووەکان عاقلانە بڕیار ئەدەن و ناکەونە ژێر قسەی واعیز، کام سۆشیال میدیا بە خراپی بزانن شوێنێکی تیا پڕ ئەکەنەوە، تا کەسێکی خراپ پڕی نەکاتەوە.

ڕاستکردنەوەی ئەو فکرەی کە ئەڵێ تیکتۆك و سناپ و فلانە سۆشیال میدیا خراپە بەم جۆرە دەبێت.

کاتێ تۆ ئەڵێی فلانە سۆشیال میدیا خراپە، بۆیە خراپە کە تۆی لێ نیت، ئەگەر تۆ باشبیت، بۆیە خراپە کە خەڵکێکی خراپ شوێنێکی زۆریان تیا داگیرکردووە، تۆ ئەگەر خۆت و فکری خۆت با باش دەزانیت، کەواتە ئەو شوێنە شوێنی تۆیە تا ئەسپی خۆتی تیا تاو بدەیت و کاریگەریت لەسەر خەڵکە خراپەکەی ئەوێ هەبێت.

تیکتۆك و سـناپ و سـۆشـیال میدیاکانی تر لەبری ئەوەی بە لایڤچی و ترفیهی **18+** و بـابەتی بێ سـود پڕبکرێتەوە با بانگخوازەکان پڕی بکەنەوە، ئەوێ شـوێنی بانگخوازەکانە، ئەو کەسـەی دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ ئەچێ بۆ دزی ناچێ، بانگخواز هەبێ و نەبێ ئەم کەسـە خۆی بەشـێـك لە عیباداتەکان ئەزانێ، بەڵام سـۆشـیال میدیاکان پڕن لەو کەسـانەی کە پێویسـتیـان بە کەسـە تێگەیشـتووەکان و بانگخوازەکانە، کاریگەریش لەو شوێنانە زیاتر دروست دەبێت.

بەداخەوە بەشـێك لە واعیزەکان بەهۆی نەزانین کوێرانە کەوتونەتە دژایەتی پێشکەوتن و سۆشیال میدیاکان، لە هەمان کاتیشـدا بەغیلی ئەبەن بەو گـوێـگـرە زۆرانەی لەوێ هەن، جـارێـك لەگەڵ مامۆسـتایەکی ئاینی قسـەم کرد کە زۆر دژی زانسـتەکانی سـەردەم بوو، وتم ئەم ئینتەرنێت و پێشـکەوتنە بۆ خراپە، ئەیوت ئەخلاقی خەڵکی

تێکداوە، وتم باشـــە تۆ لە مزگەوتەوە ڕۆژانە بە نزیکی **400** کەس نوێژت لە دواوە دەکەن، ڕۆژانی هەینیش نزیکی **2000** کەس گوێــت بۆ دەگرن ئەویش بەشـــێکی لەبەر واجبەکەیە، بە قســـە و کاریگەری تۆ هەفتانە ئەو ژمارە چەند زیاد ئەکا؟! هیچ... دەی ئەم قینە فرێدە و وەرە سۆشیال میدیا هەموو شـــەوێ دەرســـێك دابنێ، مامۆســـتا هەیە لەڕێی ســـۆشـــیال میدیاکەی هەفتانە یەك ملیۆن کەس گوێی بۆ ئەگرن و ڕۆژانەش ئەو ژمارە زیاد دەکات، کاریگەری زیاتر دەبێت، بانگەوازەکە تەنها لە مزگەوتدا نامێنێتەوە، ئەچێتە شوێنی مەبەست، لە ئێســـتـا چەنێ مزگەوتەکان پێویســـتیان بە مامۆســـتا هەیە، دە ئەوەنە ســـۆشـــیال میدیاکان پێویســـتیـان پێی هەیە، فێربوونی زانســـتە شـــەرعیەکان چەند گرنگە فێربوونی زانســـتەکانی ســـەردەمیش ئەوەنە گرنگە، ئێســـتا جەنگ جەنگی زانستە، سەردەمی زوو چۆن گرنگ بوو موسوڵمان شمشێربازی و ئەسپسواری و هونەرەکانی جەنگ

بزانێت، ئێستاش ئاوا گرنگە مامۆستاکان لەم زانستانەدا شارەزابن.

## کێشەی واعیزەکان لەگەڵ موبایل و سۆشیال میدیا

لوتکەی نەزانین ئەوەیە کاتێ لە شتێك شارەزا نەبوویت کوێرانە بکەویتە دژایەتیکردنی و رەخنەلێگرتنی و ناوهێنانی بە خراپە، ئەمە کێشەی زۆرێك لە واعیزەکانە، واعیزەکانی مزگەوت و قوتابخانەکان، لە هەمان کاتدا بێ ئینصافانە واعیزەکان بەرهەمی موبایل و سۆشیال میدیا بەکارەهێنن.

## خۆهەڵواسینی واعیزەکان بە توانای خوێندکاری لێهاتوو.

بیرمە مناڵ بووم لە پۆلی دوو بووم مامۆستای ئاین لەسەر ئەوەی کە بابەتێکم لەبەر نەکردبوو و نەمزانی هەڵیساندم بیڵێم، بیرمچوبۆوە، لە پۆل کردمیە دەرەوە وتی بچۆرەوە بۆ پۆلی یەك، پاش ماوەیەك لە دەرزێکی ترا کە زۆر زیرەك بووم،

ڕۆژێـك مـامۆســـــتـا وەك تەلەبەیەكی نمونەیی و زیرەك هێنامیە دەرەوە و زۆر ســتایشــی كردم لای تەلەبەكان، لەو كاتەدا مامۆســتای ئاینەكەمان خۆی كرد بە ژورا ئیشی بە مامۆستا بوو، لەو كاتەدا كە زانیتی مامۆســـــتا وەســــفی من ئەكا، وتی ئا ئەمە تەلەبەی خۆمە، لەكـاتێكا خۆی پێشـــــتر لەســـــەر بابەتێك كە نەمزانی لەبەرچاو تەلەبەكان كردمیە دەرەوە، ئەمە یەكێك بوو لە واعیزەكان.

زۆرێك لە واعیزەكان كە لە مەجلیسـێكا دائەنیشـن باسی زیرەكی كەسێك یا سیفەتی باشەی كەسێك دەكرێــت یەكســــــەر قوت ئەبنەوە و ئەڵێن "فلان كەس تەلەبەی من بووە" لە كاتێكا ئەم واعیزە كە شـانازی بە لێهاتووی ئەو تەلەبەوە دەكات، چەندین تەلەبەی لار و لێریشـــــی هەبووە، بەس كەســــیان ناڵێن فلانە كەس كە ئێســــتا خەریكی خوێڕێتی و چەقـۆكـێشـــــە تـەلەبەی مـن بـووە، نەخـێر بەس

هەموویان خۆیان هەڵەواسن بە زیرەکی و باشی یەک کەسا.

ڕۆژێ بە یەکێکم وت باشە خۆ کە دەڵێن فلان کەس تەلەبەی من بووە هەر تۆ چەنەها تەلەبەی لاریشت هەبووە، ئەگەر زیرەکی تەلەبە زیرەکەکە ئازایەتی تۆ بێت، ئەدی بۆ نەوتوانیوە تەلەبە لارەکەش بگەیەنیتە ئاستێك کە شانازی پێوە بکەیت؟! یا زیرەکی تەلەبە زیرەکەکە هی خۆیەتی و هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە، کەواتە بۆ تۆ نییە شانازی پێوە بکەیت.

جا کە ئەڵێن ئەوە تەلەبەی من بووە بۆ پۆزە، چونکە واعیزەکە هیچ شتێکی نییە شانازی پێوە بکات، شانازی بە ناو و توانای کەسێکی ترەوە ئەکات.

نا بە جددی دیقەت بدەن خۆ سەرسەریەك و چەقۆ کێشێك و دزێك و پیاوکوژێکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مەکتەب خوێندویانە، بزانە واعیزێك ئەڵێ فلانە

کەس کە ئێستا چەقۆکێشە تەلەبەی من بووە؟!
نەخێر، هەموویان خۆیان هەڵەواسن بە توانا و شانازیەکانی کەسە باشەکان و خۆیان ئەکەن بە خاوەنی، لەکاتێکا ئەگەر زیرەکی و لێهاتووی خوێندکارە زیرەکەکان ئازایەتی تۆ بن کەواتە نابێ تەلەبەیەك هەبێ خراپ دەرچێ، ئەی بۆ خۆت ناکەیت بە خاوەنی تەلەبە خراپەکە؟!

هەڵبەتە ئەمە لە نەقسێکی دەروونی واعیزەکە سەرچاوە ئەگرێت، واعیزێك کە شتێکی نییە شانازی پێوە بکات، ناچار خۆی بە توانای خوێندکارەکەیدا هەڵەواسێ.

**شانازیە گەورەکەی بەشێك لە واعیزی قوتابخانەکان**

بەجددی لەم کاتەشدا کە قسەی ئەو واعیزانە ئەنوسمەوە پێکەنین ئەمگرێت، چونکە شانازی بە شتێکەوە ئەکەن نەك هەر پێکەنین. بەڵکو جێی گاڵتەجاڕێشە، با پێتان بڵێم چییە.

بەشـێك لە واعیزەكان و كۆنە مامۆسـتاكان شـانازی بەووەوە دەكەن و دەڵێن "لە هاوینشدا كاتێك قوتابی لە كۆڵان ئەمبینێ ڕائەكاتە ماڵەوە" تۆ بەس دیقەت بدەن و سەیری ئەو مەهزەلە.

بەجددی جێی پێكەنینە شـــانازی بەووەوە بكەیت كە تەلەبە لە هاوینیشـــدا لێت بترســـێ و لێت ڕابكا، نـازانم چ لەزەتێك لەمە ئەبینی كە منـاڵ وەك دێو سـەیرت بكا و لێت بترسـێ، بەشـێك لەو عەقڵێتەی كە بـاوەڕی بە دار و لێدان هەیە، ئەوە نـاو ئەنێن ڕێز، لەكـاتێكـا ئەمە هیچ ڕێز نییە، لە ترس زیـاتر هیچی تر نییە، ئـاخر منیش ئاژەڵێكی دڕنـدە ببینم لە ترسـا لێی ڕائەكەم، ئەم ڕاكردنە هی ئەوە نییە ڕێزی بگرم، ئەمە هی ترســـە، لە پەلامــاردانی ئەترسم، لە وەڕینەكەی ئەترسم بۆیە ڕائەكەم.

جا نازانم واعیز بۆ دڵی بەوە خۆشـــە كە لە هاوین و كاتی ئیسراحەت مناڵ بیبینێ لێی بترسێ؟!

## پێم ئەڵێن مامۆستای تێلاکە

واعیزێك ئەیوت ڕۆژێك مناڵێك خۆی كێشـــاوه بە دەرگـای پۆلەکەیە، گرتومە بە دارێـك زۆرم لێداوە، لەوکاتەوە پێم ئەڵێن مامۆستای تێلاکە.

بەڵێ ئەمە چارەسەری کێشەکانە لای واعیزەکان.

## واعیزەکان فێری درۆیان کردین

هەر مناڵێك درۆ فێربووبێت بەشـــێکی لە واعیزەوە فێربووە، کە منـاڵ بووین واعیزەکـان زۆر درۆیـان لەگەڵ کردین تـا لێیـان بترســـین، ئەوان هەموو ڕێگایەکیان بەکارەهێنا تا لێیان بترســین، ئاخر زۆر لام ســـەیرە کە واعـیز خـۆی بەراورد ئەکـا بە مـامۆســـتـای یـابـان، لە یـابـان هەموو ڕێگـایەك بەکـارەهێنن تـــا قوتـــابی حەزی بە فێربوون و قوتـابخـانە بێـت، لێرەش واعیز هەموو ڕێگەیەکی بەکارەهێنا تا لێی بترســـین، هەر ئەوەش بوو وای لێکردین ڕقمان لە قوتـابخـانە و فێربوون و کتێب و دەفتەر بێـت، بۆیە هەمووکـات کە دەرزی کۆتـای

تەواو ئەبوو ئەمانوت (بەربووین)، بەڵێ لە سجن بەرەبووین، لەژێر دەستی کۆمەڵێ عەسکەر بەرەبووین، لە هەفتەکەیا خۆشترین ڕۆژمان پێنج شەممە بوو، چونکە دوای ئەوە هەینی بوو، ئیسراحەتمان ئەکرد و بۆ ڕۆژێك ڕووی گرژ و پڕ لە تووڕەیی واعیزەکانمان نەئەبینی، بۆیە ڕقمان لە مەکتەب بوو، لە مەکتەب ئەشکێنراینەوە، لە مەکتەب لێمان ئەدرا، لە مەکتەب واعیز فێری درۆی کردین بەس بۆ ئەوەی لێی بترسین، دواتریش خۆی درۆی بۆ موشریف ئەکرد.

## یەکەم درۆی واعیزەکان

لە پۆلی یەکی سەرەتایی کە تەمەنمان ٧ ساڵانە، واعیزێکی نەخوێنەوار دێتە پۆل و ئەم قسە ئەکا "قوتابیان من چۆلەکەم هەیە لە ماڵەوە هەرچی بکەن چۆلەکەکەم بۆم ئەگێڕێتەوە" ئێمەش مناڵین بەم درۆی واعیزەکە بڕوا ئەکەین، ئیتر لە ماڵیشەوە

ناتوانین بە ئیســـراحەت بێین و بچین لە ترســـی چۆلەکەی واعیز.

بەڵێ دواتر کە گەورە ئەبین و، بۆمـان دەرەکەوێ کە واعیز درۆی کرد، ئێمەش درۆکردنمان لا ئاسایی دەبێتەوە، چونکە لە مێشکمان وا پرۆگرام بووە، کە مـادەم مـامۆســـتـا درۆی کردووە کەواتە درۆکردن ئاساییە.

دواتر لە پۆلەکانی تر ئەمەمان زۆر بینیوە، ڕۆژانی ئاســـایی واعیز وەك گورگ بەرەبووە گیانی تەلەبە لەسـەر نەزانینێك، جگە لە شـکاندنەوە و لێدانی بە کۆمەڵ، بەڵام ڕۆژێـك زەلامێك خۆی ئەکـا بە ژورا ئەڵـێن ئەمە مـوشـــریـفە جــاران پـێـیــان ئەوت موفەتیش، ئیتر لەگەڵ دەرکەوتنی موشـریف واعیز ماسکێك ئەکا و دیوێکی جوانی خۆی پیشان ئەدات و ئەو ڕۆژە بە درۆ بەڕێ ئەکا، یەکەم درۆی ئەوەیە کە دەرزی ڕابردوو باس دەکات، بۆئەوەی تەلەبەکان هەمووی بزانن و موشریف بڵێت دەرزەکەی باشە و

تەلەبەکان تێدەگەن، بەڵێ چەندین جار ئەوەمان بینیوە کە موشریف هاتووە دەرزی ڕابردوو شەرحکراوە، ئەمەش درۆیەکی تری واعیزەکان بوو کە بە مناڵی لەگەڵ ئێمە و موشریف و خۆشیان ئەیانکرد.

دیمەنێکی بەرنامەی بەرنامە هەبوو، کاتێك کەسێك خۆی ئەکا بە مەکتەبەکەی میستەرا و خوێندکارەکان ئەڵێن میستەر موفەتیش هات، میستەریش زۆر ئەشڵەژێ و ئەڵێ مەنهەجمان تەواو کردووە، دوای کەسەکە ئەڵێ تەلەبەی تازەم ئیتر میستەر تووڕە ئەبێ.

ئەو دیمەنە واقعی زۆربەی واعیزەکان پیشان ئەدات کە لە موشریف ئەترسن و درۆی بۆ ئەکەن، بەس خۆیان بەسەر تەلەبەیا تووڕە ئەکەن.

کاتێك بوومە مامۆستا زانیتم زۆرینەی کارەکان تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی سەروو خۆت و لیژنەکان و بەڕێوبەرەکانە و ئەوەی حسابی بۆ نەکرێ

خوێندکار و فێربوون و داهێنانە، جگە لەمانەش بە کرداری کۆمەڵێ شـــتی ناشـــرین فێری خوێندکار ئەکرێ لەلایەن واعیزەوە و واعیز خۆی وا ئەزانێ شـــتێکی چاکە، هەندێ واعیز بەبێ ئەوەی ئەلف و بێی زانستی سـەردەم بزانن بێ ئەوەی شـتێکیان لەســـەر پەروەردە خوێندبێتەوە، کوێرانە هەموو شـتێك لە خوێندکار قەدەغە ئەکەن و پێشـیان وایە ئیتر بەوە هیچیـان نەهێشـــتۆتەوە و ئەو فکرە سەقەتەی خۆیان بە نوخبە ئەزانن.

نازانم ئەم نوســـینانەم تا چەند ئەگاتە شـــوێنی خۆی، چونکە بەشـــێـك لەوانەی کە پێویســـتە بیخوێننەوە و لێی تێبگەن خوێنەوار نین! شـەهادەیان هەیە، بەحســاب مامۆســتاشــن بەس خوێنەوار نین واعیزن، بەشـــێکی تریان خوێندکارن کە ئەوەیـان خۆم پێم خۆش نییە بکەوێتە بەرچاویان با خوێندکار کە چینێکی پاکن تێکەڵ بە ژینگە پیســـەکەی بەشـــێك لە واعیزەکان نەبن، با

نەزانن بەناوی پەروەردە و فێرکردنەوە چەند درۆیان لەگەڵ کراوە، با نەزانن بەشێك لە واعیزەکان داهاتووی خوێندکاریان بەهۆی دەرەجە و بەناو پەروەردەوە فەوتان.

بەداخەوە بەشێك لە واعیزەکان ئەوەنەی خەمی ڕازیکردنی موشریف و مودیر و لیژنەکانیانە ، ئەوەنە بیرمان لەوە نەکردەوە چۆن خوێندکارێك پێبگەیەنین جیاوازبێت، داهێنەر بێت، بەشێك لە واعیزەکان ئەوەنەی خەمی زەبت و ڕەبتی پۆلیانە، ئەوەنە خەمی ئەوەمان نەبوو، پۆلێك دروست بکەین جیاواز بێت.

## واعیز و تێکەڵ بە سیستەمی سەرمایەداری

سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمی پەروەردەی سەقەت یەك ئامانجیان هەیە.

سیستەمی سەرمایەداری ئەو سیستەمەیە کە ئێستا هەموو جیهان بەڕێوەدەبات

لە سەرمایەداری کار ئەکەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەندەکان زیاتر و زیاتر دەوڵەمەند بن، هەژارەکانیش هەر بە هەژاری ئەمێننەوە.

لە سیستەمی پەروەردەی سەقەتیش بەشێك لە واعیزەکان گرنگی زیاتر بە خوێندکارە زیرەکەکان دەدەن، تا زیرەکتربن، و خوێندکارەکانی تر ئیهمال ئەکرێن.

ئەگەر خوێندکارێکی زیرەك هەڵەیەك بکات چاوپۆشی لیَ ئەکەن لەبەر ئەوەی زیرەکە، بەڵام خوێندکارێکی تر یەك تۆز پێی خوار دابنیَ دنیای لیَ ئەهێننەوە یەك.

ڕۆژیَ خوێندکارێکم وتی مامۆستا دیقەت ئەدەم زۆربەی مامۆستاکان لەبەر ئەوەی فلاَن کەس لە ئێمە زیرەکترە هەموویان لەکاتی دەرس شەرحکردن هەر سەیری ئەو ئەکەن.

کاتێك پێشبڕکێیەك دروست ئەکرێت یا چالاکییەك دەکرێت واعیزەکان یەکسەر خوێندکارە زیرەکەکە ئەکەن بە سەرۆکی گروپەکان.

## نەخۆشی تەکنەلۆژیا لای واعیزەکان

کۆمەڵگاکەمان و مامۆستاکانمان کاتێ قسەیان پێ نەئەما بایان ئەدایەوە بۆلای موبایلە داماوەکە، کاتێ میوانێکمان ئەهات ئەگەر مەوزوع نەمایە باس بکرێ باسی نەخۆشیەك ئەکرا ئیتر ئەگەر نەخۆشیەکە سکچونیش بێ ئەیانوت خەتای ئەم موبایلەیە، لە مەکتەبیش کاتێ دەرسێکی فەراغمان هەبوایە و واعیزێك بێ ئیش بوایە زرم خۆی ئەکرد بە ژوورا و ئەیوت دانیشن ئەمڕۆ باسی زیانەکانی ئەنتەرنێتتان بۆ ئەکەم.

ئێستا کە تەکنەلۆژیا بە ڕادەیەك پێشکەوتووە زیرەکی دەستکرد زۆربەی کارەکان دەکات، زۆرجار کاتێ دایك و باوکی خوێندکارێك یا واعیزێك لە تەلەفیزیۆن منداڵێکی ئەوروپی یا ئەمریکی ئەبینن

کە داهێنان ئەکا یا شـتێك دروسـتەکا، ئەمان هەر ئەزانن بڵێن سـبحن اللـه بەخوا زیرەکە، ئینجـا دائەبەزنە سـەر تەلەبەکانی خۆمان کە بۆچی وەك ئەوان زیرەك نین، لەکـاتێکـا ئەو منـاڵە ئەوروپی و ئەمریکییە ئینتەرنێـت و تەکنەلۆژیـای لێ قەدەغە نەکراوە، بەڵکو پەروەردە کراوە، بۆیە گەشتۆتە ئەو ئـاسـتە، تۆ لێرە لێـت قەدەغە کردووە و داوای ئیبداعیشی لێ ئەکەی؟! ئەوە چ عەقڵێکە؟!

**واعیزەکان ویژدانیان ئازاریان نادات؟**

پەروەردە داری سـیحری نییە کە بدەی بە شـتێکا و یەکسـەر ئەنجامەکەیت دەسـکەوێ، سـەلاجە و موجەمیدەش نییە ئەمشەو دەبەیەك ئاوی تێبکەیت سـبەی ببێ بە سـەهۆڵ، پەروەردە پرۆسـەیەکی گـرنـگ و کـاریـگەریەکەی دوور مەودایە، ڕەنـگە قسـەیەکی ئەمڕۆی تۆ دوای **10** یـان **20** سـاڵ کـاریـگەریەکەی دەرکەوێـت، بـۆیە پەروەردە پیشـەیەکی زۆر قورس و پڕ لە بەرپرسـیاریەتییە،

ئەگەر نەتوانی بە ڕاســـتی جێبەجێی بکەیت لەو بوارە دەمت داخەیت باشترە، منداڵ مێشکی پاکە بە ئاســـانی پرۆگرام دەکرێت، بۆیە ئەگەر نەتتوانی قسەیەکی باش بکەیت دەمت داخەی باشترە.

ئەم پرســـیارە لەو واعیزانە دەکەم کە هیوایەتیان باســـی زیانەکانی موبایل و ئەیانەوێ لە تەلەبەی قەدەغە بکەن، ئایە ئەگەر دوای **10** یان **20** ســـاڵی تر ئەو تەلەبەی کە بەهۆی نەسیحەتێکی کوێرانەی تۆوە موبایلی لە خۆی قەدەغەکردبوو، لە کۆمەڵگا دواکەوت، ویژدانــت ئــازارت نــادات؟! ئەگەر زۆر نــا ئەگەر یەك تۆز ویژدانت هەبێ ئەبێ لە حەســرەتا خەوت لێ نەکەوێ کە کەسێك بەهۆی قســەیەکی تۆوە لە داهــاتوودا لە کۆمەڵگــا و ســـەردەم و پێشــکەوتن دوادەکەوێ، ڕەنگە بڵێی ئاخر موبایل و ئینتەرنێت شـــتی خراپی تیایە و زیانی لە قازانج زۆرترە بۆ ئەوەی یەکەم ڕاســتەفەرمووی بەس بۆ

ئەوەی دووەم نەوپێکا، زیـان و قـازانج تۆ دیـاری دەکەیت نەك موبایل و ئینتەرنێت.

**پەروەردە یان قەدەغەکردن**

قەدەغەکردن زۆر ئـاســـانە، بەڵام پەروەردەکردن قورسە، ئێمەش وەك مامۆستا ئیشمان پەروەردەیە نەك قەدەغەکـردن، قـوتــابـخــانەمــان هەیە نەك زینـدان.

جـارێکی تر قســـە و گلەی واعیزەکـان ئەدەمەوە بەرگـوێتـان کە دەڵێن مـامۆســـتـا لە وڵاتی یـابـان موچەکەی بەقدەر موچەی وەزیرێکە، مامۆســـتا لە فلانە وڵات ئەوەنە موچەی هەیە، ڕاســـتە چونکە ئەرکی مامۆســـتا زۆر قورســـە ئەگەر حەقی خۆی پێبدەیت، هەرکات وتیان مامۆســـتا لە یابان ئەوەنە وەرەگرێت لێرەش ئەوەنە، بڵێ جیاوازی مامۆســـتای ئێرە و ئەوێ چییە، لەوێ مـامۆســـتـا خوێندکاریان فێرکردووە یـابـانیـان بنیـاتنـاوە، لێرە مـامۆســـتـا خوێنـدکـارێـك ئەنێرێتە پۆلی **12** لەترســـی دزی

دەرەجە خەتی لێ ئەکوژێنێتەوە، کوا پەروەردە؟!
مامۆستا ئیشی پەروەردەکردنە، پەروەردەکردنیش پرۆسەیەکی زۆر قورس و پڕ لە بەرپرسیارێتییە، لای ئێمە هەندێك وادەزانن مامۆستا ئیشەکەی بەس ئەوەیە بە کتێبێکەوە بچێتە پۆلەوە و بڕێ قسەی ناو کتێبەکە بنوسێتەوە و تەواو، لای هەندێکی تریش پێی وایە کە تەنها نەسیحەت و ئیشی واعیزەکانە، یان قەدەغەکردنی هەموو شت.

زۆر ئاسانە من هەر هۆکارێك بێت بە لێدان بێت یا توڕەبون یان تەنانەت بە قسەی خۆشیش قەناعەت بە خوێنکار بکەیت تا دەگاتە زانکۆ موبایل و ئینتەرنێت بەکارنەهێنێت و خۆی لێ بپاریزێ، ئەمە زۆر ئاسانە، بەڵام زۆر قورسە تۆ بتوانیت خوێندکار وا فێربکەیت کە ئینتەرنێت و موبایلیش بەکاربێنێت، بەڵام بە باشە بەکاری بێنێت، زۆر قورسە تۆ بتوانیت لەم سەردەمە کە پڕە لە لادان خوێندکارێك فێربکەیت کە موبایل بەکاربێنێت بۆ

باشە و فێربوون، و خۆی بەدوربگرێت لە خراپەکانی، لە ڕاستیا ئەمە پەروەردەیە نەك قەدەغەکردن، چونکە ئەمڕۆش بتوانی لێی قەدەغە بکەیت کە لەژێر چاودێری خۆت دەرچوو ڕۆژێك ئەبێت هەر بەکاری بهێنێت، ئەوکات تۆ وەك مامۆستا دوو جار ئەبێ ویژدانت ئازارت بدات، جارێك لەبەر ئەوەی لە تەمەنی خۆی لە هاوڕێکانی داتبڕاند بەبیانوی پەروەردەوە، جارێکیش لەبەر ئەوەی لە نەبوونی چاودێری فێری خراپە بووە بەهۆی ئەوەی پەروەردەت نەکردبوو.

## چی دەڵێیت ئەگەر دوای 10 ساڵی تر ئیشی دەسنەکەوت؟

لە کاتێکا کە لە زیندان بووین(قوتابخانە)، هەر ڕۆژێك دەرسێکی فەراغامان هەبوایە مامۆستایەك خۆی ئەکرد بە ژورا و دەسی ئەکرد بە باسی زیانەکانی ئینتەرنێت بەبێ ئینصافی، بۆچی بێ ئینصافی؟ مەعقول نییە ئینتەرنێت بەس خراپە و

زیانی هەبێ، ئەی سوودەکەی بۆ باس ناکەیت؟! وەلحاڵ، دەسی پێ ئەکرد تا جەرەس لێی ئەدا، ئەهاتیتەوە بۆ ماڵەوە میوانێك ئەهات باسی زیانەکانی موبایل بوو، ئەچوی بۆ مزگەوت باسی زیانەکانی تەکنەلۆژیا بوو، لەناو ئەو کۆمەڵگا وای لێهاتبوو هەر عەیب بوو موبایل بەکاربێنیت، زۆر قێزەون کرابوو، ناچار یا بە زۆر یا خۆت ئەبوو لە خۆتی قەدەغە بکەی بەتایبەت لە پۆلی **12**، لە هەمان کاتیشدا تەلەبە هەبوو لە تەمەنی خۆماندا لە خۆیانیان قەدەغە نەکرد، باشتر بڵێم لێیان قەدەغە نەکرد، بەشێکیان ئەوەی خوێندنیان تەواو کرد بۆ خوێندنەکەیان سوودیان لێ وەرگرت و لە کۆلێژی زۆر بەرز وەرگیران و فێری زمان بوون، ئەوانەشی کە خوێندنیان تەواو نەکرد ئێستا بەشێکیان خاوەن کۆمپانیان چەندین موهەندیس و مامۆستا لەبەردەستیان کاردەکات، ئێمەش کە تەخەروجمان کرد، ئەبێ لەسەر جاددەکان هەر خۆپیشاندان بکەین و هاوار بکەین بۆ دامەزراندن.

قســـەکەم لەســـەر ئەوەیە لەوانەیە بەهـۆی ئـامۆژگـاریەکی تۆوە کە پێت وتووە موبـایـل بەس زیـانی هەیە، موبـایـل لە خۆی قەدەغە بکـات تـا دەگـاتە زانکۆ، لە زانکۆ جگە لەوەی لە کۆمەڵگـا و ســـەردەمی خوای دواکەوتووە، هـاوکات کە ببینێ هاوڕێکانی کە موبایلیان بە پەروەردەوە بەکارەهێنا لە کۆلێژی بەرز وەرگیراون ئەو کاتە هەســـتی تۆ وەك مامۆستا چی ئەبێ کە داهاتووی خوێندکارێکت لەنـاو برد؟! ئەوەش نـا، کـاتێ دوای زانکۆ تەخەروج ئەکەن و ئەوانەی شـــارەزای تەکـنەلـۆژیـا و زانســـتەکانی ســـەردەمن بە ئاســـانی کاریان دەســـدەکەوێـت، خوێنـدکـارەکەی تۆیش کە هیچ شـــارەزاییەکی لە تەکنەلۆژیا نییە و ســـیڤیەکی باشـی نییە غەیری دەرچوون ئیشـی دەسـناکەوێت، ئەو کاتە هەست چۆن دەبێت؟!

لەوانەیە بـینـیـبـێـتـت لە تەلەفـیـزیـۆن جـار جـار کەنـاڵەکـان موقـابەلەی کەســـێـك دەکەن، ئەڵێ

شـــــەهادەی لە فلان بواردا هەیە و زانکۆی تەواو کردووە و مـاســـــتەری هەیە، بەڵام بێ ئیشـــــە، چەنــدەهــا دەرچووی زانکۆ و پەیمـانگـاکـان بە شـــــەهادەکانیانەوە بەرەو هەندەران بەڕێکەوتن و هەندێکیان لەڕێگا تیاچوون و هەندێکیان گەیشتن، بەڵام لەوێش لە پسپۆری خۆیان کار ناکەن.

هۆکاری ئەوانە بەشـــێکی لە ئەســـتۆی حکومەتە، بەڵام بەشـــێکیشـــی لە ئەســـتۆی واعیزەکانە، کە نەیانتوانیوە کەســـێك پێبگەیەنن کار کات، نەك تەنها دەرچێت، گەنجێك زانکۆ تەواوکات و ئیشـــــی دەسنەکەوێ، گەنجێك شەهادەی هەبێ و بۆ ئیش بچێتە دەرەوەی وڵات، بەشـــــێکی هۆکاری نەبوونی پەروەردە و مامۆســـــتایەکە کە نەیتوانی خوێندکار بۆ کار پێبگەیەنێت، بەڵکو تەنها ئیشـــــیان کرد بۆ دەرچوون.

واعیزەکـــان زۆر خوێنـــدکـــاریـــان پێگەیـــانـــد کە دەرەجەیان لا موقەدەس بوو، خوێندنیان تەواوکرد،

دەرەجەشـــیان هێنا، بەڵام کاریان دەســـنەکەوت، چونکە بازاڕی کار و دەرەجە دوو شتی جیاوازن.

کۆمپانیا و بازاڕی کار کەســـێکیان ناوێ کە لە مەکتەب و زانکۆ دەرەجەی بەرز بووبێ، کەسێکیان ئەوێ کە توانای کار و عەقڵێتی کارکردنی هەبێت، کە ئەمە دوو شـــتە واعیزەکان ئیهمالیان کردووە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەلەبەیەکیان ناوێ کە بۆ دەســـتخۆشـــی و دەرەجە لە پۆلدا بە عاقڵی و بێدەنگی دانیشـتبێت، ئەوان کەســـێکیان ئەوێ کە توانای دەربڕین و ئەدای هەبێ، کۆمپانیاکان بۆ کاری ژمێریاری کەســـێکیان ناوێ کە شـــەهادەی هەبێ، یەکێکیان ئەوێ کە بتوانێ بەرنامەی ئیکزڵ هەڵوەشێنێت، کە ئەمە لە قوتابخانەکان فێرناکرێن، بەس ئەخوێنرێن.

بۆیە زۆرینەی ئەو خاوەن شـــەهادە و دەرچوانەی زانکۆ کە ئەچنە دەرەوەی وڵات یا ئیشـــی غەســـل ئەکەن یا دەلاکی، هیچیان لە پســـپۆری خۆیان کار

ناکەن، چونکە لێرە فێری کارکردن نەکراون، تەنها دەرەجەیان پێ کۆکردونەتەوە.

کاتێك خوێندکارەکات ئەچێتە کۆمپانیایەك دابمەزرێ خاوەن کۆمپانیا ئیشی بەوە نییە تۆ پێناسەی بەکتریا و دی ئێن ئەی لەبەرە یان نا، ئەو ئیشی بەوەیە بزانێ تۆ چ کارێك بۆ ئەو ئەکەیت، کاتێك خوێندکارێکی دەرچووی کۆمپیتەر ئەچێتە کۆمپانیایەك خاوەن کۆمپانیا ئیشی بەوە نییە بزانێ تۆ مەلزەمەی جاڤا یا سی پڵەس پڵەسی لەبەر یان نا، ئیشی بەوەیە بزانێ تۆ چۆن کۆمپانیاکە پێش ئەخەی، کە ئەمانە هیچیان لە قوتابخانە و زانکۆ فێرنەکراین.

هەموو کات ئەو قسە دوبارە دەکەمەوە، قەدەغەکردن زۆر ئاسانە، پەروەردەکردن زۆر قورسە، ئیشی مامۆستا گرنگیەکەی پەروەردەکردنە، نەك قەدەغەکردن، قەدەغەکردن ئیشی واعیزە نەخوێنەوارەکانە.

**کاتێك خۆت بەشـــێکی لە خراپیەکان بۆیە تەنها خراپیەکان دەبینیت.**

بەشـــێك لە واعیزەکان تەنها لایەنە خراپیەکەی سـۆشـیال میدیا و موبایل ئەبینن چونکە لەوانەیە خۆیان بەشێك بن لەو خراپییە.

واعیزێك کە لە سـۆشـیال میدیا بەردەوام خەریکی چاتی خراپ، و سەیری فلمی پۆڕن بکا، ئەو سۆشیال میدیا تەنها لەو دوو شـــتە ئەبینێتەوە، وادەزانێ سـۆشـیال میدیا تەنها چاتی خراپ و فیلمی ڕووتە، چونکە خۆی بەشـــێکە لەو خراپییە و لەو خراپییە غەرق بووە، وادەزانێ ســـۆشـــیال میدیا و موبایل تەنها ئەو بەشـەی هەیە، نازانێ کە بەرامبەر ئەوە چەنـدین ســـود و قــازانـجـی هەیە بۆ هەموو تەمەنەکان.

ئاخر نازانم بەشـــێك لە واعیزەکان چۆن جورئەت ئەکەن باســـی زیانەکانی ســـۆشـــیال میدیا بکەن لەکاتێکدا، خۆیان یان لە بازاڕ پرســـیاری ئیمتیحان

ئەنوسن یا منداڵەکانیان بۆیان ئەنوسن کە هەندێ جار تەلەبەی خۆیانن، تۆ خۆت ئێستاش لە موبایل و کۆمپیتەر نازانی کە سادەترین پێویستی پیشەکەتە، ئیتر چۆن ویژدانت قبوڵ ئەکا تەلەبەیەك پێبگەیەنیت وەك خۆت لە داهاتوو نەزانێت ئیشەکانی خۆی بەڕێ بکا، موبایلی لێ قەدەغە بکەیت بەبیانوی خراپیەوە، دایببڕی لە فێربوونی باشیەکانی.

ئێستا ساڵی **2024** جیهان بە زیرەکی دەستکرد بەڕێوە ئەبرێت، هەموو ئیشەکان کراون بە تەکنەلۆژیا، بە چ عەقڵێکەوە لەم سەردەمەیا تۆ دژی موبایل لە تەلەبە قەدەغە ئەکەی بە ناوی پەروەردەوە، کە حاشا ئەوە پەروەردە ڕاستەکە نییە، ئەوەی تۆ ئەیکەی ئەو قەدەغە کردنە پەروەردەی ترسنۆکانەیە، ئەی ئەگەر ئەو تەلەبە بەهۆی قسەی تۆوە موبایلی لە خۆی قەدەغەکرد دوای **10** ساڵی تر چی وەڵام ئەدەیتەوە، کاتێ لە

پێشـــکەوتنەکانی جیهان دواکەوت کاتێك وەك خۆت نەیـزانـی ئەلـف و بـێـی مـوبــایــل و کـۆمـپـیـتـەر لێکجیاکاتەوە؟ کاتێ باســـی قەدەغەکردنی موبایل ئەکەیـت، وا هەســـتنـاکەی گونـاحبـاری؟ چونکە تەلەبەیەك دروســــــتەکەیــت لە داهــاتــوو لە سەردەمەکەی خۆی دوائەکەوێت.

لەکاتی نوســـینی ئەم کتێبەیا بووم بیرمەکردەوە چۆن دیزاینی بەرگەکەی بکەم، چووم پرســیارم لە زیرەکی دەســـتکرد کرد، لە ئێســـتـایـا زیرەکی دەسـتکرد بەس پێی بڵێ لۆگۆیەکم ئەوێ بۆ فلانە ئیش و براند یەکسەر بۆت دروست دەکات، لەکاتێکا لــۆگــۆ بە **500** بــۆ **1000** دۆلار و زیــاتــریــش دروســـتەکرێ، لە ئێســـتا زیرەکی دەســـتکرد ئەو ئیشـــەی لە دیزاینەران قۆســـتۆتەوە، بۆ دیزاینی بەرگەکە پرســیارم لێکرد بە وردی بۆی باســکردم کە دیزاینی بەرگ چۆنەکرێ و پێویســـتە چۆن بابتەکان ڕێکبخەم.

لێرەدا مەبەستەکەم ئەوەیە تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم ئەوەنە پێشکەوتبێت کە خەریکە ئیتر ئیشەکان هەمووی ببێت بە زیرەکی دەستکرد و ئیش بۆ کەسانی ئاسایی نەمێنێتەوە، تۆ خوێندکارێکت پێگەیاندووە لە تەکنەلۆژیا و زانست دواکەوتووە، ئەوکات کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دواکەوتنی خوێندکارەکت لە زانستی سەردەم ئیشی دەسنەکەوت، چ هەستێکت ئەبێ کە قوڕت کردووە بەسەر خوێندکارەکەتا بە بیانوی پەروەردەوە؟!

جا هەنێ واعیزمان هەیە کاتێ دەرەجەی پۆلی ١٢ بڵاوەکرێتەوە و کەناڵەکان موقابەلەی تەلەبە یەکەمەکان ئەکەن، کاتێ تەلەبەکە ئەڵێ موبایلم بەکارنەهێناوە ئەو جۆرە واعیزانە ئەڵێی مژدەی بەهەشتیان پێ ئەدەن ئەوەنەیان پێخۆشە، هەموو تواناکانی تەلەبەکەیان بەستۆتەوە بەوەی کە موبایلەکەی لە خۆی قەدەغەکردووە

زۆرێك لە واعیزەكان كاتێك دایك و باوكی تەلەبە پرســـیاری ئاســـتی منداڵیكانیان ئەكەن لە خوێندن ئەگەر ئاســتیان خراپ بێت مامۆســتا یەكســەر ئەم پرســـیارە ئەكا (لە ماڵەوە موبایل بەكارەهێنیٚ؟) ئەگەر وەڵامەكەی بەڵــیٚ بـێــت، ئـیـتـر قســـەی دەســـەكەویٚ كەوكڑی بۆی دائەنیشـــیٚ، ئەگەر نەخێریش بێت دەس و دەمی ئەبەسترێت.

## نەخۆشی فۆبیای موبایل یا عوقدەی دەروونی

ئەو جۆرە واعیزانەی كە دوژمنیـــان موبـــایـــل و تەكنەلۆژیا و پێشـــكەوتنە وا هەســـتەكەم جۆرە نەخۆشـــیەكیان لەگەڵ موبایل هەبیٚ لە موبایل بترســـن، ئاخر ناكریٚ تۆ هەرچی لایەنی خراپ و دابەزینی ئـاســـتی تەلەبە ببەســـتیتەوە بە بەكارهێنانی موبایل، بەهەمان شـــێوە زیرەكی تەلەبەیەك بەوەوە ببەســـتیتەوە كە موبـــایـلی بەكارنەهێناوە.

لەکاتێکدا ڕێژە زۆرینەکەی ڕێک بەپێچەوانەوەیە ئەوانەی بەکارهێنەری موبایل و سۆشیال میدیان لە زۆر بواردا ئاستیان بەرزتر و پێشکەوتورە لەوانەی کە موبایل و سۆشیال میدیایان لێ قەدەغەکراوە.

هەستەکەم هەندێ واعیز عوقدەی دەروونی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیا هەیە، چونکە خۆی بە تەواوی لە سەردەمەکە دواکەوتووە، نایەوێ تەلەبەکانی بگەنە ئاستێک لە خۆی زیرەکتربن، ئەیەوێ تەلەبەکانیشی بە هەمان هەڵەی خۆیا تێپەڕبن.

پێتان سەیر نەبێ ئەگونجێ هەندێ مامۆستا هەبێ بەو جۆرە بیرکاتەوە، پێی ناخۆشبێ خوێندکارەکەی لەڕووی تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم لە مامۆستاکە باشتربێت.

**مامۆستایەتی پیشەیەکی پیرۆز نییە، ئەگەر تەنها ئەرکەکەی خۆت بێت.**

مامۆســـــتایەتی پیرۆز نییە! ئەگەر کارەکەت زیاتر لەوە نەبێت کە بۆت دانراوە.

جاران ئەیانوت پیشەی مامۆستایەتی پیرۆزە، بەڵام ئەوە تێگەیشـــتنێکی هەڵەیە پێـت وابێ هەموو مامۆســتایەك پیرۆزە یا پیشــەی هەموویان پیرۆزە، چونکە مامۆســتایەتیش وەك هەر پیشـــەیەکی تر وایە لە بەرامبەر بڕێـك پـارە، تۆ کـارێـك دەکەیـت، واتە ئەگەر پارەکە نەبێت ئەو کارە ناکەیت، کەواتە پیرۆزی ئەمە لە کوێدایە؟!

کاتێك پیشـــەیەك یا کارێك پیرۆزە کە تۆ لەپێناوی خودا بیکەیت، یاخود بۆ بەرژەوەندی گشتی بیکەیت بەبێ هیچ بەرامبەرێك.

مامۆســـتایەتی ئەگەر تەنها وتنەوەی وانەیەك بێت وەك ئەوەی لە ســــەروو خۆت لێت داواکراوە، ئەوە فەرمانە و تۆیش فەرمان جێبەجێ دەکەیت ڕاستتر

بڵێم فەرمـانی ســـوڵاتنەکەت جێبەجێ دەکەیـت، لێرەدا پیرۆزی بوونی نییە، کاتێك پیرۆزە کە زیاتر لەوە بکەیـت کە داواکراوە، ئیتر لەپێناو خودا بێت، یان بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت.

کێشـــەکە ئەوەیە ئەگەر بە مامۆســـتایەك بڵێی کـارێك بکە لەســـەروو ئەرکەکەی خۆتەوەبێ پێ عەیــب و تــاوانە بیکــات، بەتــایبەت ئەگەر خۆی لەلایەن حکومەتەوە زوڵمی لێ کرابێت، هەندێ جار جـێبەنەکـردنـی ئەرکەکەشـــــی بە تـۆڵەکـردنەوە دەزانێت لەکاتێکدا تۆڵەکردنەوە نییە و ســـزادانی خوێندکارە.

**پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لای واعیزەکان**

هەمووکات واعیزەکان باســـی دابەزینی ئاســـتی زانســـتی و ڕێز ئەکەن، وەك بڵێی جاران ئاســـتی زانستی جیلی واعیزەکان ئەوەنە بەرز بووە هەموو ڕۆژ درۆن و کەشـــتی ئاســـمانیان دروســـتەکرد، وا

ئەزانن ڕێزەکەش ڕێزێکی ڕاســـتەقینە بووە، بێ ئاگان لەوەی هەمووی ترس بووە.

لای واعیزەکـان چونکە تەنهـا کـاریـان لەســـەر فێرکردنی زۆرەملێ ئەکرد بۆیە تەنها فێرکردنێکی کـاتی بوو بەبێ ئەوەی بزانین چی فێرەبین؟ بۆ ئەبێ فێربین؟ ئەگەر فێرنەبین عقوبەکەی چییە؟ بەڵێ ئەوەنە بیرمان لای سـزا و ڕاوەسـتان لەسـەر یەك قاچ بوو ئەوەنە خەیاڵمان لای فێربوون نەبوو.

## جیاوازی فێرکردن و فێربوون

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان پرۆسـەی فێربوون و فێرکردن، ئەوەی کە زۆرێك لە واعیزەکان کاریان لەســـەر دەکرد پرۆســـەی فێرکردنە، بەڵام ڕێگـا ڕاســـتەکە فێربوونە، با بزانین جیاوازی نێوان ئەو دوو وشە چییە؟!

فێرکردن پرۆســـەیەکی ناچارییە، و پرۆســـەیەکی سەپاندنە لەلایەن کەسێکەوە کە مامۆستایە(واعیز) بەسـەر کەسـێکی تردا کە خوێندکارە، پرۆسـەکە

فرمانە بە خوێندکارەکەت ئەڵێیت فێرببە، من پێت ئەڵێم، من فێرت ئەکەم، هەموو پرۆسەکە سەپاندنە لەلایەن منەوە بەسەر خوێندکارەکەدا، لەڕووی دەروونیشەوە هیچ کەس حەز ناکات ئەمر بەسەریا بکرێت و شتێك بەسەریا بسەپێنرێت تەنانەت ئەگەر خۆیشی بیەوێت، بۆ نمونە تۆ بەنیازبیت هەستیت پەرداخێك ئاو بخۆیتەوە، ئەگەر کەسێك وتی ئاو بخۆرەوە مێشکت ئەمە وەك ئەمر وەرەگرێت، قبوڵکردنیشی ناڕەحەتە، چونکە مرۆڤ وا دروست بووە کە حەزی بە ئەمر نییە.

فێربوون پرۆسەیەکە خوێندکارەکە خۆی خاوەنداریێتی ئەکا، هەموو پرۆسەکە خۆی خاوەنیەتی بێگومان شتێکیش خۆی خاوەنی بێت زیاتر لای گرنگە و گرنگی پێ ئەدات، هەر لە ڕووی ڕێزمانیشەوە سەیری بکەین چاوگی (بوون) بە واتای خاوەنداریێتی دێت، فێربوون حەز و ویستی خوێندکارەکە خۆیەتی بۆ پرۆسەکە.

من با مامۆســـــتایەکی زۆر لێهاتووش بم ناتوانم خوێنــدکــارێــك فێری فیزیــا بکەم ئەگەر خۆی نەیەوێـت فێربێـت، خۆی نـایەوێـت فێربێـت ئەگەر حەزی بۆی نەبێـت، کەواتە ئێمە وەك مـامۆســــتـا پێویستە حەزی فێربوون لای خوێندکار دروستکەین نەك فێریان بکەین، کە حەزی فێربوونی لا دروست بوو خۆی بەدوای بابەتەکاندا دەچێت.

ســەردەمی زوو مامۆســتای چەقبەســتوو واعیزەکان چۆن حەزی فێربوونیان لا دروســـــت ئەکردین؟ بە شــەق و زلە و لەســەر یەك قاچ وەســتان و هەندێ جاریش بۆ شـــــکـانـدنمـان لە پۆلا لە تەنیشـــــت تەلەبەیەکی ڕەگەزی بەرامبەر دایان ئەنایت.

ئـێـمەی پەروەردەی ژێـردەســــــتـی ئەو واعـیـزانە ئەوەنەی خەمی ئەوەمان بوو کە ســبەی مامۆســتا لێمان نەدات، لەســەر یەك قاچ نەمان وەســتێنێ، لە پۆلا نەمانشـکێنێ ئەوەنە خەیاڵمان لای ئەوە نەبوو کە چی فێرەبین و بۆ فێرەبین بۆ ئەبێ فێربین؟

لەژێر دەســـــتی ئەو واعیزانە ئەوەی گرنگی پێ نەئەدرا حەزی فێربوون بوو، بەڵکو لەبری ئەوە بە زەبری شــەق و زلە و دار ســوکایەتی بە زۆر فێری ســرودی نیشــتمان و زانســتیان ئەکردین، تەنانەت وانەکانی ئاینیش هەر بە لێدان لێیان ئەپرسینەوە، واعیزێکی ئافرەتمان هەبوو ئاینی پێ ئەوتین خۆی ســفور بوو، بەڵام لەســەر ئەوەی وانەیەکمان باش لەبەر نەئەکرد ترســـــی دەرکردن لە پۆل و لێدان مێشـــــکی داگیر ئەکردین ئیتر بەو جۆرە چۆن لە وانەکە تێئەگەشتین؟!

یەکەم ســـــاڵم بوو کە چوومە قوتابخانە لە پۆلی یەکی ســــەرەتایی، لە وڵاتان بە گوڵ و شـــــیرینی پۆلی یەك پێشــوازی لێ دەکرێت و یاری و چالاکیان بۆ ڕێکەخرێت تا کەشی فێربوونیان بۆ بڕەخسێت و فێربوونیان لا خۆشـــەویســـت بکرێت، لای ئێمەش یەکەم ڕۆژ و یەکەم وانە بیرکــاریمــان هەبوو، واعیزێـك خۆی کرد بە ژوورا، وتی یەکەم پەڕەی

دەفتەرەکەتان بنوشـــتێننەوە (ئەوکات وامان ئەکرد بۆ ئەوەی دەفتەرەکە ناوی لێ بنوســـین)، ئێمەش منــاڵ بووین نەمــان ئەزانی چۆن، من لە یەکەم ڕەحلە دانیشتبووم یەکسەر گەیشتە لای من پێش ئەوەی بینوشـــتێنمەوە یەك زلەی بە هەموو هێزی خۆی لێدام لەبەر ئەوەی نەمنوشتانبۆوە.

دوای **19** ساڵ بوومەوە مامۆستا، قەدەر وابوو وانەی بیرکارییان پێدام بیڵێمەوە، یەکەم وانەم لە پۆلی دووی سەرەتایی بوو، هەفتەی یەکەم چەند دەفتەر وێنەیەکم کڕی و دام بە خوێنــدکــارەکــان تــا وانەکەیان لا خۆش بێت، ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە چەنـدین جار ئەو پۆلە وانەی وەرزشـــیان هەبوو ئەهاتن بۆ ئیدارە ئەیانوت مامۆستا وەرزش ناکەین وەرە بیرکاریمان پێ بڵێ.

ڕاستە دوو ساڵە بیرکاریم وتۆتەوە، بەڵام دوای ئەو ساڵە کە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم بیرکاری لای من بووە وانەیەکی نــاخۆش و بێزراو، بەڵێ تــا

ئێستاش لە بیرکاریا نازانم دوو کەرت کۆبکەمەوە بە ژێرەی هاوبەش هەر بە حاسیبە ئەو کارە دەکەم لەکاتێکا دوو ساڵ مامۆستای بیرکاریم و بیرکاری دەڵێمەوە.

**واعیزەکان لەبری فێربوون دەرەجەیان لا موقەدەس کردین و ئەنجامەکەیمان لە پۆلی 12 بینی.**

سالانە شەرمێك دامەگرێ کە دەڵێن لەکاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 بۆ چەند کاتژمێرێك ئینتەرنێت لە کوردستان ڕادەگیرێت بۆ ڕێگریکردن لە غەش، شەرمێك دامەگرێ کە مامۆستام، چونکە هۆکاری غەش بەشێکی مامۆستاکان بوون ئەوانەی کە لێرە پێیان ئەڵێین واعیز، بەڵێ واعیز و مامۆستا چەق بەستووەکان، لە منالیەوە بە جۆرێك دەرەجەیان لا موقەدەس کردبووین کە هەموو کارێك بکەین بۆ دەرەجە، سەعی بۆ دەرەجە، بێدەنگ بین بۆ دەرەجە، دار بێنین مامۆستا لە هاوڕێکەمان بدات بۆ دەرەجە، جاسوسی بکەین بۆ

دەرەجە، دەرەجەیـــان بە جــۆرێــك لا مــوقەدەس کردبووین هیچ گرنگی بۆ فێربوون نەمــابۆوە، هەرچیامن ئەکرد یا بۆ بەدەستهێنانی دەرەجە بوو، یا ترس بوو لەوەی دەرەجە لەدەســـــبدەین، باش و خراپ، زیرەکی و هەوڵدانیان هەمووی بەســــتبۆوە بە دەرەجەوە، بۆیە ئەنجامەکەی بەو جۆرە بوو، کە خوێنــدکـار بەو فکرەوە گەورە بوو دەرجە ئەوەنە موهیمە لە پۆلی **12** ئـامـادەیە غەش و قۆپی بۆ بکات، ئامادەیە پرســـیار بکرێت، بۆیە بە ناچاری ئەبێ ئینتەرنێتی وڵاتەکەتی لەســــەر دابخەیــت، ئەمە پەروەردەی واعیزەکان بوو.

لە ژیانی مامۆســـتایەتیمدا یەکێك لەو کارانەی کە دڵم پێی خۆشــــە و کردوومە ئەوەیە کە دەرەجەم لای خوێندکار تەواو ســوك کردووە، بە جۆرێك هیچ بۆ دەرەجە نەکــات تەنهــا بۆ فێربوون و خودی کــارەکە خۆی بیکـات، ڕۆژێــك خوێنـدکـارێکم وتی مامۆســـتا بەیانی تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەکەم، وتم

باشـــە دەســـتخۆش بەس بۆ ئەیکەی خۆ دەرەجەو نـادامـێ، وتـی بۆ دەرەجە نـایکەم هەر خۆم حەزم پێیەتی، هاوڕێی ئێمە لە وڵاتان شــت دروســتەکات، ئەمە گەورەترین قسە بوو لەلام کە توانیم دەرەجە لای خوێندکار لەو موقەدەســیە دەرکەم و فێربوون جێگەی بگرێتەوە.

لە حوجرە ئەمخوێند، مامۆســتاکەم بەســەرهاتێکی بۆ گێڕاینەوە زۆر ســـودم لـێ وەرگرت بۆ پیشـــەی مامۆســتایەتی، وتی کاتی خۆی ئێمە ئەگەر ڕۆژێك دەرزمــان تەحزیر نەکردایە و بــاش نەبووینــایە، مامۆســـتا ئەیوت ڕۆڵە ئەمڕۆ هیچی تازە ناخوێنین چونکە ئەوەی ڕابردووتان باش نەبوون، واتە ئەمڕۆ هیچی تازە فێرنابن، جا ئەیوت ئەو قســەمان زۆر لا قورس بوو، واتە ڕۆژێك لە تەمەنمان تێپەڕدەبێت و هیچی تازە فێرنابین! بەڵێ لە حوجرەکان زوو ئاوا گرنگی بە فێربوون ئەدرا، سـزا گرتنەوەی فێربوون بوو، پاداشــتیش خوێندنی شــتی تازەتر بوو، بەڵام

لای واعیزەکانی قوتابخانەکان، پاداشت دەرەجەیە و سزایش دەرەجە شکاندنە، بۆیە حوجرەکان کەسانی وەك مەحوی و نالی و نامیان پێگەیاند، واعیزەکانیش کەسانێکاین دروست کرد شانازی بە لێدان و ترس و تۆقاندنەوە ئەکات.

## کۆتایی

ئەگەر فکری واعیزیت هەیە، هەموو نوسینەکان وا لێکەدەیتەوە کە لەگەڵ تۆمە لەسەر تۆ نوسیومە، مەبەست لەم نوسینە ڕونکردنەوەیەك بوو لەسەر ئەو عەقڵیەتەی کە جیلێکی پێگەیاند بەبێ ئەوەی فێربن، جیلێکی بە ترس و تۆقاندن پێگەیاند، جیلێکیان دروست کرد کە فێربوون و ڕێز بە ترس و تۆقاندن لایان دروست بوو، واعیزەکان جگە لە شەق و زلە و شکاندنەوە لە پۆلا هیچ ڕێگەیەکیان نەبوو بۆ ئەوەی فێرمان بکەن و پەروەردەمان بکەن.

زۆرێك لە لادانی گەنج و هەڵە و کێشەی ئەم سەردەمە هۆکارەکەی پەروەردەی سەقەتی عەقڵ واعیزە، زۆرێك لە بێکاری هۆکارەکەی نەزانینی واعیزەکانە، کە نەیانتوانی ئەوەمان فێربکەن کە دەمانەوێت.

زۆر منداڵ و گەنج لە قوتابخانە و زانکۆکان تموحی گەورەی فێربوونیان هەیە، واعیزەکان ڕێگریان لێ ئەکەن بە ناوی پەروەردە و پاراستنەوە لە لادان.

لەســـەر نەزانینی واعیز و کێشـــەی واعیزەکان بۆ کۆمەڵگا و فێربوون بە کتێبێك و دوان تەواو نابێ، وەلێ لێرەدا کۆتای پێ بهێنین باشـــترە، بەڵام دڵم زۆر بەوە خۆشـــە کە عەقڵێتی جیلی ئێســـتا بە ڕادەیەك پێشـــکەوتووە عاقڵانە خۆیان دەربازەکەن لەژێـر کـاریـگەری واعـیـزەکـان و لە هەوڵـدان نەوەستاون.

**2024/12/27**

سلێمانی